www.kurdistannet.org
30-1-2007 20:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشبینی دەکەم وەزیری رۆشنبیری لە کابینەی شەشەم گۆرانیبێژ بێت!! ... هێمن عومەر



دوا بەدوای سەرکەوتنی هیندستان لە دانانی ئەمیتا بە وەزیری رۆشنبیری و دانانی ئارنۆڵد بە حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا ئێمەش پێویستە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزمون لەو وڵاتانە وەربگرین کە بەهۆی دانانی ئەم پۆستانە بە هونەرمەندی بواری سینەمایی کە توانیان بە بەرهەمەکانیان داهات و سەروەت و سامانێکی زۆر بۆ وڵاتەکەیان کۆبکەنەوە.

ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کلیپی نایاب و جوانین کە زۆر بەی هەرە زۆریان لە بەردەست نەکەوتنی سۆزانی لە دەرەوەی هەرێمەکە بەرهەم هاتوون و پارەیەکی زۆریان لێ سەرف کراوە، لەناوەوەش هەر لێیان مەپرسە کێ بەرکێی پارتی و یەکێتیە لە سەر دانانی زەوی باش و بەنرخ بۆ ڤێللا لە شوێنی نزیک بە ئاوایی، کە بەداخەوە گەنجێك مەترە زەویەکی نیە لەو کوردستانەوە داوای ئینتماو شتی لەو بابەتەی لێ دەکەن کە بووەتە نوکتەی ناو گەنجەکانمان جگە لەوەی سەری زمان و بنی زمانی بەرپرسەکانیش گەیاندنی ئەزمونی ناوچەکەیە بۆ وڵاتانی دیکە وەکو ئەوەی خۆمان لە سەر مەریخ بژین و خەڵکی لە بن دیواری قەندەهار ئەگەر نەزانن وا لە داخی بێ کارەبایی کوڕانمان کەچەڵ بوون و کچانیشمان یان سەر بە هەوێ دوای باسکردنی چەندین نامەی ماجستێر و دکتۆرا لە سەر یەکسانی و ئازادی ئافرەت شودەکەن یاخود دەبێت لە چاوەڕوانیدا سەر بنێنەوە.

خەمەکە لەوەدایە وەزارەتی رۆشنبیری دەستی لە هەموو شتێك هەڵگرتوە وەکو ئەوەی لە خۆ ئامادە کردندا بێت بۆ کابینەی شەش و پرۆڤە بکات بۆ پێشوازی کردن لە هونەرمەندێك کە بە بڕوای من و لێکدانەوەی برادەران خانمێك دەبێت هەر بۆیەش لە سەر حیسابی حکومەتە ساواکەمان هەر کلیپە بە کلیپ دەڵێت خۆت لادەو هەر پارەی ئەستورو زەویی بە گوریسە بۆ گۆرانیبێژان هونەرمەندانی دیکەش هەر خۆشی لە خۆیان 60 هەزارە رێزلێنانەکەشیان بۆ وەرناگیرێت لە داخی کرێی تاکسی یەکێك لە هونەرمەندەکانمان کە دوو ددانی پیری ماوە بکەوێت بە ماڵێکی دراوسێی 60 هەزارەکەی وتوە ئەگەر بکرێت سێ مانگ جارێك ئەو پارەیەم بۆ وەربگرێت مانگی جارێك بێمە ئێرە زۆرتر لەو پارەیەی وەری دەگرم لە سەرم دەوەستێت ئاخر بەد بەخت ئەگەر هەر دەبوویتە هونەرمەند بۆ گۆرانیت نەدەوت خۆ ئێستا دوور نەبوو لە کابینەی شەش ببیت بە وەزیر.

لە کۆتاییدا نامەوێت برینی جەماوەر بکولێنمەوە بەوەی چۆپی خان 48 ملیۆنی لە سێ رۆژدا بۆ سەرف کرا تەنها بۆ کۆنسێرت و لە رادیۆی نەواش بۆ خەڵکی بێ نەوا خەریك بوو دەگریا. دانا و هەردی و دلێر و. . . هتد بەرەو تورکیا بران و چەندین دەفتەر دۆلاریان لێ سەرف کرا تەنها بۆ کلیپێك و خاوەن بڕوانامەکانی دکتۆراو ماجستێر و بکالۆریۆس و دبلۆم بوون بە دۆم، لەیلا تەنها بۆ کلیپێت پارەیەکی بۆ سەرف کرا کە ببورن لە بەر درێژی سفرەکانی بەدوای یەکدا تێی نەگەیشتم ئەوە جگە لەو زەویە 2/500 م لە بەر خاتری خاتران وەریگرت، کاکە پەیوەند جافیش زیاتر لە 3000 مەتر زەوی لە سلێمانی وەرگرتوە لە کوێرایی چاوی دوژمنان.

هەموو ئەوانە پێشبینیمان بۆ ئەوە نزیك دەکاتەوە کە وەزیری رۆشنبیری بگۆڕدرێت و لە شوێنی ستران بێژێك یاخود لە کابینەی شەشدا گۆرانیبێژێك حوکم بکات ببورن ببێتە وەزیر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەر بەو هۆیانەوە پێشنیار دەکەم لە وەزیرە گۆرانیبێژەکە وەکو ئارنۆڵد چۆن داوای لێبوردنی لە فیلمەکانی کرد بەوەی توندو تیژ بوون دەبێت کاك و خانمی هونەرمەندی ئێمەش داوای لێبوردن لە منداڵ و مێرد منداڵەکانمان بکەن بەوەی لە کلیپەکانیان سەماو سورپیان بە هەرزەکارو منداڵ کردوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.